له بڵاوکراوەی هاوپشتیی کرێکاریی ژمارە 8دا بڵاو کراوەتەوە

# مەینەتیەکانی ژنانی زەحمەتکێشی کوردستان

**ئامادەکردنی ڕزگار سەعید**

ئەگەرچی کێشەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان کێشەیەکی گەورەی ژنانە لە کوردستان، بەڵام ئەوە تەنها گرفتی ژنان نییە. ژنان بە تایبەت ژنانی کرێکار لە زۆر ڕووەوە بێمافنو تەنانەت لەچاو هاوچینە پیاوەکانیان چەند بەرابەر دەچەوسێنەوە، لە نێو ژنانی کرێکارو بێبەشی کوردستانیش ئەوانەی لە دەرەوەی شار دەژین، مەینەتیەکانی ژیانیان بەرجەستە ترەو لەگەلێک لایەنەوە باری ژیانیان نالەبارترە. بێکاریی، نەبوونی، کاری سەختو تاقەت پروکێن، نەخۆشی، نەخوێندەواری، کاری بی بەرهەمو سەختی ماڵەوە، ژیانی ئەوانی کردۆتە دۆزەخێکی ڕاستەقینە. بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی لەسەر ژنان نابێت باقی مەینەتیەکانی ژیانی ژنانی کریکارو زەحمەتکێش داپۆشێت. لەم ژمارەیەی هاوپشتیی کرێاکرییدا هاوکارمان ڕزگاری حاجی سەعید، گفتو گۆی لەگەڵ چەند ژن لە دانیشتووان دێهاتو کۆمەڵگاو شارۆچکەکاندا کردووە وا لە خوارەوە وەک خۆی بڵاوی دەکەینەوە.



یەکەمین زیانلێکەوتووانی نەبوونی خزمەتگوزاریەکان ژنانن

پورە فاتم تەمەنت چەندە؟

نازانم دوسێ ساڵم ماوە بۆ (100)ساڵ!

پورە فاتم هیچ یارمەتیەکت هەیە لەلایەن حوکمەتەوە؟

ئێستا نا جاران هەمبوو.

بۆچی نەتماوە؟

ئەوەندە شتیان بۆ دۆزیمەوە ئەم دائیرەو ئەو دائیرە، کەسم نەبوو بچێت کارەکانم بۆ بکاتو بچێت بەشوێنیاندا نزیکەی 9 دائیرەیان پێکردم. منێکی پیر چۆن دەتوانم ئەم هەموو دائیرەیە بکەم. حوکمەت خۆی نازانێ؟ وەڵاهی بۆ گەنجیش ناکرێ نەک پیر.

وەزعی تەندروستیت چۆنە؟

....ئەبێ چۆن بم؟ دە دانە نەخۆشیم لەگەڵدایە. قاچ ئێشە، زەخت، چاو....هەر فریای ئەوە دەکەوم بچمە لای دکتۆر هەمووشی لەسەر گیرفانی خۆمە. دەبێ بچمە عەیادەش کە خۆتان دەزانن چ ەند گرانە حەبو دەرمانو بەکەڵکیش نایەت.

پورە فاتم خوێنەواریت هەیە؟

نا هیچم نەخوێندووە، زوو لە هەڵەبجە بووین ئەو کاتە کچیان نەدەنارده مەکتەب.

چوینە لای کچێکی تر کە ناوی تانیایە.

تا چەندت خوێندووە؟

من تا پۆلی پێنجی سەرەتایی. ئەو کاتە کاتی گرانیەکە بوو، وەزعمان زۆر خراب بوو نەم توانی مەکتەب تەواو بکەم. باوکمو براکانم بێ ئیش بوون، بۆ کرێکاری چوون بۆ ئێران، منیش نەمتوانی بخوێنم.

ڕەفیقەکانت مەکتەبیان تەواو کردووە؟

کەمیان، وابزانم دوو کەس لەو پۆلەی منی تێدا بووم تاکو پۆلی سێیان خوێند، ئەوانیش بە واسیتە دەرچوون باوکیان لە حیزبی یەکێتیدا بوو.

تانیا هەست بەبێ تاقەتی ناکەی کە مەکتەبت تەواو نەکردوە؟

با، من ئەگەر مەکتەبم تەواو بکردایە ئێستا دادەمەزرام موحتاجی کەس نەدەبووم. بۆ خۆم لەدائیرەیەکدا کارم دەکرد. ئێستا براکانم پارەم دەدەنێ ئەوانیش ئیشیان نیە.

حەزت دەکرد ببی بەچی کە خوێندنت تەواو دەکرد؟

حەزم دەکرد ببم بە مامۆستا بەڵام ئەو حەزەم نەهاتەدی ئێستا هەر لەماڵەوەم نازانم چی بکەم.

ئەتەوێ لەکۆتایدا بلێی چی؟ ڕوی دەمم لەحوکمەت دەکەمو دەڵێم دەبێت منیش معاشێک وەربگرم، حەقی خۆمەو لەسەر کورد ئاوامان لێ هاتوە ئەگەر ساڵی (1988)ماڵەکەمان نەڕوخایە دەربەدەر نەبووینایە، وەزعمان باش ئەبوو. باوکم پارەی لەکوێ بوو خانوو بکاتەوە کەسیش یارمەتی نەداوین کە خانوەکەمان کردەوە خۆمان کرێکاریمان تێدا دەکرد.

کچێکی تر لەو کچانەی کە تەمەنی لەسەرووی سی ساڵەوەیە...! تاچەندت خوێندووە؟

من هەر نەمخوێندووە مەکتەبەکە لە ماڵەکەمانەوە نیزیک بوو. بەڵام باوکمو مامەکانم نەیاندەهێشت بچمە مەکتەب! حەزت ئەکرد تۆش وەک ئەو ژنانەی تر بوویتایە لەسەر کاریک دابمەزرایتایە؟ بۆ حەزم نەدەکرد کە ئەوان دەبینم ئەو مامۆستایانە لە سلێمانیەوە دێن بەزەیم بە خۆمدا دێتەوە. ئەگەر مامۆستا بوومایە ئێستا زەواجم دەکرد ئاوام لێ نەدەهاتو هەر لە ناو ئەم چوار دیوارەدا بم!

تۆئیش دەکەی؟

بەڵێ من کە ووتیان ئەوە مانگی سێیە دەچم بۆ دەشت بۆ گیاهێنانو گێلاخو وکنگرو تۆڵەکە! ئیتر هەموو شتێ دەهێنینو خەڵک لێمان دەکڕێو دەیبەین بۆ سلێمانی. دواییش ئەمە تەواو بوو دەچین بۆ شەتڵ لێدانو پاچە کۆڵەو...

ڕۆژی بە چەند کار دەکەی؟

بە ڕۆژانە تۆڵەکە ئەهێنین، ڕوژی وا هەیە 12هەزار یان پانزە هەزار پەیدا دەکەین، بەڵام کە ئەم ئیشە نەما دەچین بۆ پاچە کۆڵەو شەتڵ لێدان، بژار ئەمانە بە ڕۆژانە ڕۆژی بە 18هەزار یان 20 هەزار.

سەعات چەند دەڕۆن؟

بەیانی زوو سەعات 5 دەڕۆین تا سەعات 4ی ئێوارە.

بەچی دەڕۆن؟

هەمووما بە تراکتۆرێک. نیزیکەی 25-30 کەس دەچینە ناو تراکتۆرەوەو هەریەکێ نانی خۆمان پێیە. زۆرمان پێ خۆشە ئەڵێی دەچین بۆ سەیران.

چۆن کار دەدۆزنەوە لەرێی کێوە؟

ئێمە سەرکارێکمان هەیە ناوی ئامینە چەند ساڵێکە ئەم کارە دەکات، ئیتر خاوەن زەویەکان هەمویان دەیناسن، یان دەڕۆینە مەیدانی کار لە سەیسادق. هەموومان لە شوێنێ کۆ دەبینەوە. دوایی کەسێک کرێکاری بوێت دەچین لەگەڵی، بەڵام لەگەڵ هەموو کەسێک ناڕۆین. پیاوی وا هەیە زۆر بێ ناموسە.

تاکو ئێستا کەس لە کاتی کارکردندا توشی کێشەو گرفتو کارەسات نەبووە؟

ئەگەر گیروگرفتو کارەسات بڵێیت چۆن نەبووە؟ گیروگرفتمان ئەوەیە هەندێک کەس ئێمە بە سوک سەیر دەکا. کارەساتیش هی وا هەیە لە تراکتۆرەکە کەوتۆتە خوارەوە مردووە، یان دەستی شکاوە یان قاچی. پار چووین بۆ کنگر ئەو کچە گوڵاڵەی ناوە لوغم لێیداو قاچی پەڕی!

ئەو پارەیە چی لێ دەکەن ئێوە؟

دەیدەین بەپێداویستیەکانی خۆمان قۆنەرەو جانتاو هەر چیەکمان پێ خۆش بێت دەیکرین ئەوەی کەشی کۆدەکەینەوە من یارمەتی براکانیشم دەدەم. کراسو کەوام بۆ دایکم کریوە!

پارەت هەیە؟

ئیتر بەشی خۆم هەیە، موحتاجی کەس نیم.

ئەوەی دێت بۆ کار ژنیان تیایە؟ زۆربەیان ژن نین یان هەندێکیان ژنی بەتەمەنن کەس نییە یارمەتیان بدات.

یەکێکی تر لەو ژنانە ژنێک بوو بەناوی بەهێ کە چوار منداڵی هەیەو مێردەکەی بەهۆی نەخۆشیەوە مردووە.

چەند منداڵت هەیە؟

سێ کچو یەک کوڕ.

کچەکانت کار دەکەن؟

نا لێرە کاری تێدا نیە ئێمە لە ئۆردوگای باریکە دەژین. هەر ئەو کوڕەمان هەیە کار دەکات، ئەویش وازی لە خوێندن هێناوە. دەچێ بۆ کاری بۆیاخ کردن، بۆیاخی پێڵاو. سەعات شەش لەماڵ دەردەچێو شەو دێتەوە.

هیچ یارمەتیەکتان هەیە؟

نا هیچ یارمەتیەکمان نیە.

کچەکانت دەخوێنن؟

یەک کچم دەخوێنێ ئەویش لە چواری سەرەتاییە. ئەو دووانەی ترم تا پۆلی یەکیان خویند، یەکی ناوەندی، نەیان توانی تەواوی بکەن.

رۆژانە چی دەکەن؟

رۆژانە چی بکەین، وەزعمان زۆر خراپە. بەڵام ئێمە لە هەندێ کەس باشترین. عەلی هاوسەرم خانووی بۆ کردینەوە. باشە، کرێ نادەین. هەر ئەوەمان باشە. ئەگەر کرێمان بدایە تیا دەچووین. رۆژی وا هەیە 1500 دەدەین بە ئاو. کچەکانم ئەوەندە ئاویان هێناوە بەسەر لەو بیرەی ماڵەکەی دراوسێمان، دایم سەریان دێشێت. کچێکی دراوسێمان ئەوندەی ئاو هێنابوو لەسەرسەری، شتی قورسی خستبووە سەر سەری، سەری توشی سەرەتان بوو. بردیان بۆ تاران، ئیتر دایم لای دکتۆر بوون هەر مردیش. جا منیش زۆر دەترسم کە کچەکانی منیش وایان لێبێ، بۆیە ئاو دەکڕم.